بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان دەستگیرکردنی سێ بازرگانی ماددەی هۆشبەر لە هەولێر راگەیاند

بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان رایگەیاند، لە هەولێر سێ بازرگانی مادەی هۆشبەریان دەستگیرکردووە و دەستیان گرتووە بەسەر پێنج کیلۆ مادەی هۆشبەردا.

ئەمڕۆ شەممە 06-01-2024، بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان لە راگەیەندراوێکدا رایگەیاند، لە چەند رۆژی رابردوودا زانیارییان پێدراوە کە پێنج کیلۆگرام مادەی هۆشبەر لە جۆری کریستاڵ براوەتە شاری هەولێر، دوای لێکۆڵینەوە شوێنی دوو کەسی بیانییان لە هۆتێلێک دەستنیشان کردووە و شەوی رابردوو سێ کەسیان دەستگیر کردووە.

بەڕێوەبەرایەتییەکە دەڵێت، دوای لێکۆڵینەوە لە تۆمەتباران دەستیان گرتووە بەسەر پێنج کیلۆ مادەی

هەشبەردا، کە لەنەو ئەتەمەلی تەمەتبارا ندا شاردرابووەوە.